چیرۆك

# ئافرەت

ن/ چارلز بۆكۆفسكی

له عەرەبیەوە/ هێمن مەحمود

Hemnm1979@yahoo.com

لەتەمەنی پەنجا ساڵیدابووم ،و چوارساڵیش دەبوو لەگەڵ هیچ ئافرەتێكا نەخەوتبووم.

هیچ هاوڕییەكی ئافرەتیشم نەبوو،ئەوكاتانەشی كە لێم دەڕوانین ،یا توشمدەبون یاخود بە ڕێگاكاندا دەڕۆشتن.

سەیركردنەكانیشم بێ هیچ ئارەزووییەك بوو وە بێهودەییانە لێم دەڕوانین.

من لەسەر خوی نهێنی(دەستپەڕ) ڕاهاتبوم،بەڵام بیرۆكەی ئەوەی پەیوەندییەكم هەبێ لەگەڵ ئافرەتێكا (بە دوور لەسێكس) لەسەرووی خەیاڵەكانمەوەبوو.

كچێكم هەیە تەمەنی شەش ساڵە وبێ ئەوەی دایكی بخوازم ئەو لەدایكبوە،لەگەڵ دایكیا دەژی ومن خەرجیەكانی دەكێشم.

بۆ تەنها یەكجاریش خۆشەویستیم كردووە،كە دواجار ئەویش بەهۆی زۆر خواردنی ئەلكهولەوە گیانی لەدەستدا.

ئەو كاتێك مرد تەمەنی چل وهەشت ساڵبو ،منیش تەمەنم سی وهەشت ساڵانبوو.

ژنەكەشم دوانزە ساڵبوو لەخۆم گەورەتربوو،بڕوام وەهایە ئێستا مردبێت هەرچەند كە تەواو دڵنیاشنیم،چونكە لەكرێسمسدا و بۆماوەی شەش ساڵ بە بەردەوامی نامەی درێژم بۆنوسی، كەچی ئەو هەرگیز وەڵامی نەدامەوە.

بە تەواوەتی دڵنیانیم كەی (لیدیا ڤینیس)م بۆیەكەمجار بینی،ئەوە شەش ساڵ بەرلەئێستا بوو،هەر لەو كاتەشدا بوو وازم لەدوانزە ساڵی خزمەتی خۆم هێنابو وەك فەرمانبەرێكی فەرمانگەی پۆست و هەوڵمدەدا ببم بە نوسەر.

دەترسام و بەجۆرێك سەرخۆشبوم كە هیچ ڕۆژێكی دی وەها نەبوم،هەوڵم دەدا یەكەم ڕۆمانی خۆم بنوسم،كاتێكیش دەمنوسی گاڵۆنێك ویسكی و دەرزەنێك قوتوی بیرە سەرخۆشیاندەكردم،جگەرەی هەرزانبایم دەكێشا ولەسەر ئامێری چاپیش چاپم دەكرد و مەستدەبوم وگوێم لەو مۆسیقا كلاسیكیە دەگرت كە ڕادیۆكە تا دەمەوبەیان پەخشیدەكرد.

نەخشەیەكی وەهام دانابوو كە هەموو شەوێك دە لاپەڕە بنوسم،بەڵام هیچ شەوێك نەمزانی چەندم نوسیوە تاوەكو ڕۆژی دواتر.

بەیانی هەڵدەستام،دەڕشامەوە،دواتر دەچوم بۆ ژورەكەی بەرامبەر وسەیری مێزەكەم دەكرد بۆ ئەوەی بزانم چەند پەڕەم نوسیوە،بەردەوام لە دەپەڕە زیاتر بوو،زۆرجاریش دەگەشتە هەڤدە وهەژدە وبیست وسێ وبیست وپێنج لاپەڕە.

بە دڵنیایشەوە نوسینی هەموو شەوێك پێویستی بە چاككردن و لابردن هەبوو،هەربۆیە نوسینی یەكەم ڕۆمانم بیست ویەك شەوی خایاند.

خاوەنی ئەو خانوەی كە دواتر تیایدا ژیام وئەو ماڵانەشی كە لەو ناوەدا دەژیان،واگومانیان دەبرد كە شێتبم.

هەموو بەیانییەك كە هەڵدەستام،زەرفێكی كاغەزی قاوەیی گەورە لەپەنجەرەكەدا بوو،چەندەها شتی جیاوازی تیادابوو،بەڵام زۆربەی جارەكان ئەمانەی تیابوو(تەماتە ،تور،پرتەقاڵ،پیازی سەوز،قوتوە شۆربا،پیازی سەوز) كە تاوەكو چوار وپێنجی بەیانی بە بیرەوە دەمخواردن.

پیرەمێردەكە دەرۆشت و دەستی پیرەژنەكەی گرت وبەدزییەوە ماچێكی كرد،هەموجاریش لەبەردەمی دەرگاكەدا منیش ماچێكی گەورەم دەدا پێی.

پیرەژنەكە بە شێوەیەكی ترسناك پێستێكی چرچ ولۆچی هەبوو وئەمەش هیچ گومانێكی هەڵنەدەگرت.

كاسۆلیكی بوو واشدەردەكەوت كە میهرەبانبێت لەو كاتانەی كە كڵاوە گوڵوییەكەی دەكردە سەری و بەیانیانی یەك شەمان دەرۆیی بۆ كەنیسە.

بڕوام وایە كە (لیدیا ڤینس)م لەیەكەم ئێوارە كۆڕی شیعری خۆمدا بینی،ئەوەش لە كتێبخانەیەك بوو لە (كینمۆر ئەفینۆ).

دوبارە ترس سەریهەڵدابویەوە لێم،زاڵبوم بەڵام هەردەترسام،كاتێك كە ڕۆشتمە ژورەوە بە تەنها یەك(مەنەصەی) تیابوو،پیتەر ئەو پیاوەی

كە كتێبخانەكەی بەڕێوە دەبرد ولەگەڵ ئافرەتێكی رەشپێستدا دەژیا،بەستەیەك پارەی لەبەردەمدابوو.
پێی وتم (ئەگەر بمتوانیبایە ئاوەها بەیەكەوەیانەوە ببەستم ئەوا ئەوەندە پارەم هەبوو بۆ ئەوەی جارێكی دیكە سەفەری هیندستانی پێبكەم).
رۆشتمە ژورەوە و جەماوەری ژورەكە دەستیانكرد بە چەپڵە لێدان،مادامیش لێرە گرنگییەكە بۆخوێندنەوەی شیعرەكانە،ئەوا من رووەوە وئیفلاسبون هەنگاومدەنا.
بۆ ماوەی نیو كاتژمێر شیعرم خوێندەوە و داوای مۆڵەتمكرد،تاوەكو ئەو كاتەش ئاگام لێبو و وە لەتواناشمدا بوو هەست بەو چاوانە بكەم كە لەو تاریكییەدا لێیان دەڕوانیم.
هەندێ كەس هاتن بۆ لام ودەستیانكرد بە قسەكردن لەگەڵما،دواتر (لیدیا ڤینس)یش هات.
من لەسەر مێزێك دانیشتبوم و بیرەم دەخواردەوە ،دەستەكانی خستە سەر لێواری مێزەكە،دانەویەوە وسەیرێكی كردم.
ڤژێكی تیژی درێژ درێژی هەبوو،لوتێكی دیار وچاوانێك كە لەیەك نەدەچون،بەڵام ژیان وچالاكیان لێدەباری_دەتوانی واهەستبكەیت كە لێرەدایە.
دەمتوانی هەست بەو لەرەلەرانەش بكەم كە لەنێوانماندا بوون،لەرەلەرێك كە هەندێكیان هۆكاربون بۆ هەڵچونەكان تاوەكو بۆ واقیعێكی باش،بەڵام ئامادەیشی هەبوو.
سەیری یەكتریمان دەكرد.
(لیدیا ڤینس) ڤاپوتێكی درێژی ناوپۆشراو و ملپێچێكی بە گەردنییەوە بەستبوو.
مەمكەكانیشی بە تەواوەتی پێگەشتبون،پێم وت"خۆزگە ئەو ملپێچەم لابردایە و لەوێوە دەمانتوانی دەستپێبكەین".
لیدیا بەجێیهێشتم و دادی نەدام.
هیچ كاتێك نەمزانیوە پێویستە چی بە ئافرەتێك بڵێم،بەڵام ئەو سمتێكی جوانی هەبوو،كاتێكیش كە رۆشت پانتۆڵە شینەكەی لەشوێنی دانیشتنەكەیدا بە لەشییەوە نوسابوو و سمتەكانی دەلەراندەوە و هێدی هێدی كە دوردەكەوتەوە منیش لێم دەڕوانی.

.............................................................................

سەرچاوە/
سایتی ئۆكسجین
و/بۆ عەرەبی/زیاد عبداللە